# ئەوە حەقیقەتی ژنانی کۆمەڵگای کوردیە

**هەستیار غەمگین**
Hastiar2006@yahoo.com

**لە تەواوی کۆمەلگەکانی جیهاندا سیستەمێك هەیەو پەیڕەو دەکرێ، ئەویش سیستەمی نێو خێزانە، ئەم سیستەمە پێکهاتەکەی مێژوویەکی دێرینی هەیەو هەر لەمێژە ئەم پڕۆسەیە بوونی هەبووە هەتتا لە نێو مرۆڤەکۆنەکلنیشدا.**

**دامەزرێنەرانی ئەم سیستەمەش واتای سیستەمی خێزان سەرەتا لەدو کەسی سەرەکی ژیان پێکهاتووە کەوەکو دامەزرێنەرو تەواوکەری ژیانی یەکتری دێنە هەژماردن ئەوانیش پیاو و ژنن.**

**هەر یەك لەو دو جێندەرەش خۆیان لەبەردەم کۆمەڵێك ئەرك و مافی سەرەکیدا بینیوەتەوە, کە لە زۆرجێگای ئەم گەردونە پشکی شێر لە قورساییەکانی ژیان بەر جێندەری پیاو کەوتووە، بەلاّم بە تێپەڕینی زەمەن و کەوتنە نێو دنیای مۆدێرن ژنانیش وەکو هاوبەشی پیاوان کاری قورسیان کردوە.**

**بەلاّم لە زۆرێك لە کۆمەلگاکاندا هێشتا ژنان لەسەرەتای ئەو هەنگاوەدان و پیاوانیش ئەوەیان بۆخۆیان قۆستۆتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەلگا ڕۆژهەلاّتیەکاندا.**

**بەلاّم بەداخەوە ئێستا هەندێك لە ژنانی بەناو فێمینیزم هاتوون پێچەوانەی واقعی کۆمەلگای کوردی هەنگاو دەنێن و دەیانەوێ بەرگێك بە بەری ژنی کورددا بکەن کە ئەوان نایانەوێ.**

**ئەوە لە کۆمەلگای ئێمەدا بۆتە عەرزی واقیع کە ژن هەرگیز حەز بەوە ناکات کە وەکو پیاو مامەڵە بکات و لە زۆرێك لە کایەکانی ژیاندا پشکی هەبێت، ئێستاش کچی کورد خەون بەوەوە دەبینێت کە لەدوارۆژدا پیاوێك ببێتە پشت و پەنای و لە سێبەریدا بحەوێتەوە، بەلاّم ئەوانی بەناو فێمینیزم دەیانەوێ بیانخەنە بەردەم کۆمەلێك ئەرکی قورس کە هەرگیز ئەوی کچ خەونی پێوە نابینێ، من لەوە دلّنیام کە ژنی کورد هەرگیز پیاوێکی خۆشناوێ کە زۆر دەبەنگ و میزاجی و کەئاباوی بێت و خۆی بداتە دەستی ژنەکەی و بلّێت:" من چاوەڕێی تۆم پشت و پەنام بیت.**

**من بەو پێیەی پیشەکەم وادەخوازێت لە ڕابردو و ئێستادا ئەو جۆرە هەلاّنەم بەسەر هاتووە، زۆرجار لای هاوڕێ هاوڕەگەزەکانم خۆم کە ئاباوی نیشانداوە بە حوکمی پاشگری ناوەکەشم کە ئاماژەیە بۆ کەسێکی دۆڕاو لەژیان زۆرجار دورە پەرێزییان لێکردووم، ئەمەتەنها لەبەر ئەوەی کە من معاناتی واقیعی خۆمم بۆ باسکردون، کەچی ئەوان هاتوون بەجۆرێك دوورە پەرێزیان لێکردووم. لەبەر ئەوەی چ کچ بێت یان ژن ئەوە لەپیاو چاوەڕوان ناکات کە مەئەساتی خۆی بۆ باسبکات**

**بۆیە هەمیشە خەونی پێوە دەبینێ و لە پیاوی میزاجی خۆی بەدور دەگرێ.**

**ئەوانی فیمینیزم بەکۆی دەنگ بڕیار لەسەر قەدەغەکردنی فرە ژنی دەدەن، بەلاّم بیرێك لە واقیعی کۆمەلگای کوردی ناکەنەوە کە کێشەی لەوە گەورەتەری هەیە، و بەسەدان کچی قەیرەمان هەیە کە چاوەڕێ دەکات پیاوێکی خاوەن دوژنیش بیخوازێت کەچی ئێوەی بێ ئیش و کار دەتانەوێ جۆرە سزایەك بۆ ئەو کەسانە دانێن کە ژنی دوەم دەهێنن کە پڕۆسەکەیان لا قورس بکەن، بەلاّم هەرهەمان پڕۆسە بۆ کەسێکی بەرپرس دوبارە دەبێتەوە بۆی قەدەغەنیە ئەگەر بیکات بە چوار ژنیش بگرە ئەگەر پێویستی پێی بێت خۆیشی کچێکی جوانی بۆ ئەدۆزێتەوە.**

**ئەمەیە واقیعی کۆمەلگەی ئێمە ئیدی بۆ هەوڵی لە خشتە بردنی ئەدەن، ئەوان خۆیان ئەوەیان لاگرنگەو بەدلّیانە خۆیان حەزدەکەن پیاوێك پشت و پەنایان بێت نەك بە پێچەوانەوە خۆیان ببنە پشت و پەنای پیاو.**

**کچێکی هاوڕێم هەبوو زۆرجار من دەموت ئێوە نیوەی کۆمەڵن و دەبێت هیچ تەوفیرێکتان نەبێت لەگەلّ ئێمەی پیاواندا، کەچی ئەو بە پێچەوانەوە ئەم ڕستەیەی وەر دەگرت و دەیوت:" من چۆن لە فەرمانگە کاربکەم و پیاوەکەشم لەماڵەوە قاچ بخاتە سەر قاچی دەبێت ئەو کاربکات و من لەماڵەوە بم". ئێمەی نووسەر کەلە بواری ژناندا نوسینمان هەیە هیچ کات ئەو واقیعەمان نەخستۆتە ڕوو کە لە کۆمەلگای کوردیدا هەیە، هەمیشە ئەوەمان نوسیووە کە خۆمان ویستوومانە نەوەك ئەوان دەیانەوێ، دەی کەواتا ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە هیچ پیاوێکی نووسەر لەبواری ژناندا بێمەبەست شت نانووسێ لەسەر مەسەلەی ژن، بەلاّم ژنی خاوەن عەقڵ و بە ئەزموون هیچکات فریوی ئەو جۆرە کەسانە ناخوات بۆیە باشتر وایە خۆمان لە گێلی نەدەین چونکە ئەوەی ژن دەیەوێ ئەوەنیە کە ئێوەی فیمینیزم باسی لێوە دەکەن..**